گۆڕان
GORRAN

ژوری توێژینەوەکان

سیاسی، ئابوری، ستراتیجی

# تاڵیبان و ئایندەی ئەفغانستان

ئاودێر جەمیل



تشرینی دووەمی ٢٠٢١

# تاڵیبان و ئایندەی ئەففانستان

نوسین و ئامادەکردنی

ئاودێر جەمیل مستەفا/ ئەندامی ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان

Email: research.gorran@gmail.com

پێڕست

پوختە ........ 2

پێشەکی ........ 3

تاڵیبان و پرسی ناوخۆی ........ 5

نەبەردی دڵ و بیر ........ 5

تاڵیبان و بابەتی دەستور ........ 11

تاڵیبان و گروپە جیهادیەکان ........ 14

تاڵیبان و پرسی دەرەکی ........ 16

تاڵیبان و دنیایی هەرێمی جیهانی ........ 16

ئەمریکا و تاڵیبان ........ 17

چین و تاڵیبان ........ 19

هیندستان و تاڵیبان ........ 21

تاڵیبان و ڕوسیا، ولاَتانی ئاسیای ناوەند ........ 23

ئێران و تاڵیبان ........ 24

نەتەوەیەکگرتوەکان ........ 25

ئەنجام ........ 26

سەرچاوەکان ........ 28

## پوختە

هەرەس هێنانی حکومەتی ئەفغانستان و گۆڕانکاری خێرا لە ئەفغانستان، هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە و وڵاتانی هەرێمی و جیهانی خستە پرسێکی نارۆشن. بزوتنەوەی تاڵیبان و گەڕانەوەی بۆ سەر سەکۆی سیاسی لە ئەفغانستان، پاش بیست ساڵ لە ڕوداوی ١١ سێپتەمبەر پرسی ئەوەی وروژاند کە چارەنوسی ئەو وڵاتە بەرەو کوێ دەڕوات و ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکاریە لەسەر ناوخۆ و دەرەوەی خۆی چۆن دەبێت؟.

ئاشکرایە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەئەفغانستان، خەونی گەڕانەوەی دەسەڵاتی ئەمارەتی ئیسلامی تاڵیبانی لە ئەفغانستان بەشێوەیەک پێشخست. گەرچی کشانەوەی هێزە دەرەکیەکان لە ئەفغانستان بەتایبەتی ئەمریکا هەموو هۆکارەکە نیە بۆ هەرەسی سیستمی سیاسی ئەفغانستانی پاش ١١ سێپتەمبەر، بەڵکو لەپاڵ ئەوەشدا هۆکارگەلێکی وەک گەندەڵی، نادادپەروەری لە دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەت بەسەر جومگەو پێکهاتە جیاوازەکان، گەندەڵی کارگێڕی، شکستی سیستمی دادوەری لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان، قاچاغی و پەراوێزخستنی شوناسە جیاوازەکانی گەلی ئەفغان هەموو ئەمانە لە پێشوتر و بەم دوایەش هۆکار بون کە سیستمی سیاسی ئەفغان لە چوارچێوە و دامەزراندنی وڵاتی مۆدێرن بە وڵاتی شکست خواردو یان وڵاتی پێش مۆدێرن ناوزەد بکرێت. لەم چوارچێوەیەدا پرسی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئایا گەڕانەوەی تاڵیبان ئارەزوی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەمارەتی ئیسلامی، خودی تاڵیبان و ئەفغانستان، لە ناوخۆ و دەرەوە ڕوبەڕوی چ ئاڵەنگاریەک دەکاتەوە؟. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسیارەو چەند پرسیارێکی دیکەی پەیوەست بەم بابەتە بدەینەوە.

## پێشەکی

بزوتنەوەی تاڵیبان پاش ڕوداوی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١، بەزەبری هێزەکانی هاوپەیمانان بەڕابەرایەتی ئەمریکا، لەسەکۆی سیاسی ئەفغانستان دورخرایەوە. ئەم گروپە لەچەند ساڵەی کۆتایی لەئەفغانستان لە بارودۆخی بەرگری، سیاسەتی خۆی گۆڕی بۆ حاڵەتی هێرش بردن، لێرەوە دەستی گرت بەسەر کۆمەڵێک شارو ناوچەی جیاوازدا. لە ئێستاشدا دەسەڵاتی سیاسی بەسەر تەواوی ئەفغانستاندا سەپاندوە. هاوکات لەگەڵ کشانەوەی وادەی هێزەکانی ئەمریکا تا سێپتەمبەری ٢٠٢١، بزوتنەوەی تاڵیبان دەستی گرت بەسەر زۆرینەی شارە گرنگەکانی ئەو وڵاتەدا، لەوانەش کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی کابوڵی پایتەخت، نزیک بونەوە لە خەونی دامەزراندنی ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان.

تاڵیبان (بەواتای فێرخوازان بە زمانی پەشتو)، پاش هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت و کشانەوەی هێزی ئەو وڵاتە لە باکوری ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٩٠ دامەزراند، باوەڕ وایە کە جوڵانەوەی پەشتو سەرەتا لە ڕێگەی قوتابخانە فکری و مەزهەبیە ئیسلامیەکان دامەزرا، بەهاوکاری پارەی پادشایی سعودیە، هاوکات لەکارکردندا شێوازی توندڕەوی ئیسلامی سونیان پەیڕەوی دەکرد.

بەڵێنەکانی ئەم جوڵانەوەیە، لە سەرەتادا گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایش بوو بۆ ناوچەکانی پەشتو نشین، لەپاکستان و ئەفغانستان ئەویش پاش گرتنەوەدەستی دەسەڵات. دواتر لە باشوری خۆرئاوای ئەفغانستان ئەم بزوتنەوەیە بەخێرایی دەسەڵاتی خۆی تەشەنە پێدا، لەساڵی ١٩٩٥ دەستیانگرت بەسەر شاری هیرات کەهاوسنوری ئێرانە، تا کۆتای ساڵی ١٩٩٦ بەتەواوەتی شاری کابوڵیان کۆنترۆڵ کرد. فێرخوازەکان (طالیبان)، تا ساڵی ١٩٩٨ توانیان ٩٠٪ هەموو ئەفغانستانیان کۆنترۆڵ بکەن. ماندوبونی ئەفغانییەکان لەو هەلومەرج و بێ سیستمیەی کە پاش ڕوخانی سۆڤیەت، وڵاتی تێکەوتبوو، ئەمەش زەمینە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەسەڵاتی تاڵیبان قبوڵ بکەن. قبوڵ کردن و ڕازی بونی دەسەڵاتی ئەوان لەسەرەتادا بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کەبەشێوەیەکی ڕێژەیی سەروکەوتوبون، بەسەر ئەو هەلومەرجەی بەسەر ئەفغانستاندا

هاتبوو، پاش کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤێت، ئاوەدانیەکی ڕێژەیی و دروست کردنی ڕێگەوبان ڕێکخستنی بازرگانی لەو ناوچانەی کەلە ژێر دەسەڵاتی خۆیان بوو، بەڵام هاوکاری و دەستێکەڵکردنیان لەگەڵ گروپە جیهادیە توندرەوەکانی تر، کە لە ناوخۆی ئەفغانستان چالاک بون، تێوەگلانیان بە تیرۆر و توندوتیژی قەومی، پێشێلی مافی مرۆڤ، لە ناوبردنی کەلەپوری ئاین و کەلتورە جیاوازەکانی ئەفغانستان، دروست کردن و قاچاغچێتی مادەی بێهۆشکەر و بەگژاچونەوەی ماف و ئازادییە کەسییەکان...هتد، سەرئەنجام هەموو ئەمانە، بونە هۆکاری دورخستنەوەو لێدانیان لە ساڵی ٢٠٠١ لە لایەن ئەمریکاو هێزەکانی هاوپەیمانانەوە.

پاش ڕاگەیاندنی جەنگی دژ بەتیرۆر لەساڵی ٢٠٠١ و روخاندنی دەسەڵاتی تاڵیبان لە وڵاتەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاڵیبان بەجۆرێک لەجۆرەکان، هەر درێژەی بە مانەوەی خۆیدا لە ئەفغانستان و پاکستاندا. لە ڕاستیشدا بە دوبارە سەرهەڵدانەوەی تاڵیبان هەردوو وڵاتی ئەفغانستان و پاکستان ڕوبەڕوی و نا سەقاگیری بونەوە لەلایەن تاڵیبانەوە، لەپاڵ ئەوانیشدا ناتۆ و ئەمریکا، لە سەرکەوتن و روخانی یەکجاری دەسەڵاتی تاڵیبان ناکارامە مانەوە، نەک بەو مانایەی ئەمریکا و ناتۆ لە جەنگی دژ بە تالیبان دۆڕان، بەڵکو جەنگێک بوو کۆتاییەکەی دیار نەبوو. جیاواز لە گروپە جیهادیەکانی تر، لە ئەفغانستان تاڵیبان مۆرکێکی ناسیۆنالستی و ناوخۆی ئەفغانی پێوە دیارە، بۆیە ئەمریکا بەدوای ستراتیژی نوێی و سیاسەتی نوێ بوو لەگەڵ ئەم گروپەدا. بۆ نمونە ئەمریکا بەشێوەیەکی ڕەسمی لە ساڵی ٢٠٢٠ لەگەڵ بزوتنەوەی تاڵیبان دانیشتنیان ئەنجامداو لە مانگی شوباتی٢٠٢٠ ڕێکەوتنێکیان واژوکرد. کە ڕێکەوتن لەسەر ڕاگرتنی هەموو جۆرە هێرش و دەستدرێژیەک بۆ هێزی ئەمریکی و ناتۆ، لەبەرامبەردا ئەمریکا بریاریدا تامانگی ئایار٢٠٢١ هێزەکانی خۆی لە ئەفغانستان بکشێنێتەوە.

لە ئێستادا ئەفغانستان لە بەردەم چارەنوسێکی نا ڕۆشندایە، دیار نییە دەسەڵاتی تاڵیبان یان تاڵیبانی نوێ چ جۆرە ڕەفتارێک و مۆدێلێکی حکومڕانی پیادە دەکات لەگەڵ گەلە جیاوازەکانی ئەو وڵاتەدا چۆن خۆی

دەگونجێت.  چۆن بیرو باوەڕی خۆی لەگەڵ فرەی مەزهەبی و جیاوازی سیاسی لەناوخۆی ئەو وڵاتەدا ڕێک دەخات. تاڵیبان چۆن ڕەفتار دەکات لەگەڵ پاشماوەکانی گروپی قاعیدە و داعش کە لە ناوخۆی ئەفغانستان و دەرەوە کە لە ئەفغانستان جێگیر بون، سەبارەت بە سیستمی جیهانی و ڕەفتاری سیاسەتی دەرەوە لە ئاستی هەرێمی و جیهانی تاڵیبان چ نیازێکی هەیە، چۆن دەتوانێت پەرە بەو پەیوەندیانە و دڵنیایی بە دنیای نێودەڵەتی بدات لەبەرامبەر ڕەفتار ئاشتی ئامێزی خۆی؟.

بێگومان هەموو ئەم پرسانە بابەتی گرنگ و ڕەفتار و چارەنوسی ئەفغان و ئەفغانیەکان و تاڵیبانی بەشێوەیەکی تایبەت پیوە بەندە. لەم توێژینەوەیە مەبەستە تیشک بخرێتە سەر دوو ڕوی ناوخۆی و دەرەکی سیاسەتی بزوتنەوەی تاڵیبان و چارەنوس و ئایندەی ئەفغانستاندا.

## تاڵیبان و پرسی ناوخۆی

### نەبەردی دڵ و بیر

لەسەرەتای دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٦ گۆڤاری نیوزویکی ئەمریکی[1]، هەواڵی بڵاوکردنەوەی نامیلکەیەکی نۆ پەڕەی لە پەراوێکی بچوکدا بەڕەنگی شین و سپی بڵاوکردەوە. کە تێدا یاسای تازەی تاڵیبانی کەلە لایەن مەلا عومەر سەرکردەی ئەوسای تاڵیبانەوە نوسراو بوو، بە ئیمزای خۆی، بە ئەفغانستاندا بڵاوکرابویەوە. ئەم نامیلکەیە کۆمەڵێک ڕێسای سەپێنراوبو، کەدەبو ئەندامانی تاڵیبان لەسەر خەڵک جێ بە جێیان بکەن.

کتێبی یاسای تاڵیبان بە «لایحە» ناسراوە،  لە بنەڕەتدا وەک زنجیرە ڕێسایەک خۆی پشان دەدات، بەڵام پاش سەرنج و تێڕوانین، لێی وەک مانیفێستێکی سیاسی دەردەکەیت، کە دیدو تێڕوانینی خۆیان بۆ سیاسەتکردن دەخەنە ڕوو، لەبری ئەوەی ڕێسایەک بێت بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری خۆسەرانەی ئەندامانی گروپ یان چۆنیەتی مانەوە و وەفاداری بۆ گروپی تاڵیبان، بەڵام  لایحە وەک مانیفێستێک خۆی نیشان دەدات، کە سەرانی ئەم گروپە بەتایبەت (مەلا عومەر) لەو ڕێگەوە هەوڵی ئەوەیان داوە کە دیدی هاوڵاتیانی

[1] Newsweek

ئەفغانستان و تێڕوانینیان بۆ بزوتنەوەی تاڵیبان بگۆڕن و باشی بکەن، بە واتایەکی تر نەبەردێکە بۆ بردنەوەی دڵ و بیری ئەفغانییەکان.

لایحە پێک هاتووە لە ١٤ بەش و ٨٤ مادە، بەم کۆمەڵە ڕێسایە سەران و ئەندامانی گروپ هەوڵیانداوە هێڵێک بهێنن بەسەر ڕەفتاری توندڕەوانە و خۆسەرانەی خۆیان کە لە ماوەی ڕابردودا لە دیدی گەلی ئەفغان پێی تێوەگلابون. ئەوان مەبەستیان بوو تەواوی ئەو بابەتانە بخزێننە ناو ئەم لایحەیە، کە هاوکاری باشکردن و چاکردنی ڕواڵەتی تاڵیبان دەدات، لە ناوخۆ و دەرەوەی ئەفغانستاندا. بە مانایەکی تر ڕێسای ٨٤ مادەیی تاڵیبان لەبری ئەوەی کە کتێبێکی یاسایی بێت زیاتر ڕەنگدانەوەی ڕێنمایی نامەیەکی سیاسیە کە ئامانج لێی گۆڕینی ڕای گشتی گەلی ئەفغانە تا لە ڕۆژانی بێ ئومێدی ئەم گەلە سودی لێ ببینرێت و لەو ڕێگەیەوە پێگەو دەسەڵاتی خۆیانی پێ زیاد بکەن. لە مادەی ٧٨ لایحە هاتووە «مجاهید پێویستە لەسەری لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک بە ڕەوشتێکی ئیسلامیانە ڕەفتار بکات و دڵیان بەدەست بهێنێت و لە خۆیانی نزیک بکاتەوە، بەتەواوەتی وەک مجاهیدێک نوێنەرایەتی ئەمارات ئیسلامی بکات. تا هەموو میللەتەکان و هاولاتیان پێشوازی لێ بکەن و دەستی هاوکاری لەگەڵ درێژ بکەن» لێرەدا دەردەکەێت ئەم مانیفێستە کە ناوی لایحەیە زیاتر بۆ گۆڕینی دیدە ئەفغانیەکانە بۆ تاڵیبان.




کتێبی: لایحە، ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان، بۆ مجاهیدین

لەم کتێبەدا چۆنیەتی ڕەفتاری ئەندامانی تاڵیبان دیاری دەکات، لەڕوی شکڵ و شێوازی ڕەفتاریان، لەگەڵ خەڵک و سەربازانی بیانی و ئەفغانی، زیندانیان و سیخوڕان، بەجۆرێک هەموو ئازاردانی زیندانیان لەلایەن ئەندامانی تاڵیبان ڕێگری لێکراوە، تەواوی هەوڵی ئەم لایحەیی مەلا عومەر بەو ئاڕاستەیەیە متمانەی خەڵکی ئەفغانی بەدەست بهێنن.

ئەم جۆرە لە سیاسەتکردن جۆرێکە لە ستراتیژ کە لەسەرەتای دروست بونی تاڵیبان بۆ گەشتن بە دەسەڵات لە ناوخۆی ئەفغانستان، سودیان لێ بینی. گەرچی پاش ئەم لایحەیە گروپی تاڵیبان دوچاری کۆمەڵێک ڕەفتاری توندڕەوانە لە شارەکانی باشور و خۆرهەڵاتی ئەفغانستان بویەوە، بۆ سەپاندنی هێزی خۆی لەو ناوچەیەدا. بەڵام لایحەی تاڵیبان ستراتیژی ئەوان پشاندەدات، بۆ هەوڵدان و گرتنە دەستی دوبارەی دەسەڵات، خۆ نوێکردنەوەی خۆیان و گۆڕینی تێڕوانین بۆ ئەو گروپە کە لە ڕابردودا لە دیدی ناوخۆی و دەرەکی تێوە گلابون.

مێژوی ئەفغانستان پڕە لە ئاڵنگاری و نەبونی سەروەری، سەروەری و ناسەقامگیر. ڕەنگە زۆر دژواربێت تەنها هۆکارێک دەست نیشان بکرێت، کە بۆچی ئەفغانستان بەم ڕۆژە گەیشت، چۆن ڕەخسێندرا دوبارە تاڵیبان دەسەڵات بگرنەوە دەست، وڵاتێکی فرە قەومی و مەزهەبی چۆن بەیەکجاری درایەوە دەستی تاڵیبان. هەموو ئەمانە ئەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە ئەفغانستان یەکێکە لە هەرە وڵاتە ناسەقامگیرەکانی ناوچەکەو دنیا، بەجۆرێک ساغ بونەوەی بۆ گروپێک، قەومێک، باڵێکی سیاسی، یان هێزێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی بەردەوام یان لە هەر سەردەمێکدا دژوار بێت. هۆکاری ناسەقامگیری ئەفغانستان ئەوەندە زۆر و تێک ئالاوە، دژوارە جیابکرێتەوە. دیارە لاوازی بەڕێوەبردنی وڵات لەلایەن سەرانی ئەو وڵاتە پاش ڕوداوی ١١ سێپتەمبەر و ڕوخانی دەسەڵاتی تاڵیبان و قاعیدە، پێکدادانی قەومی و باڵە جیاوازەکان، هەژاری و بێکاری، رەفتاری هێزە دەرەکیەکان بەتایبەتی (تێکدانی جێگەو ناوچەی ناسەربازییەکان، بێ ڕێزی کردن بە کەلتوری ئەو وڵاتە بەتایبەتی لە هێرشی شەوانەدا)، ڕکابەری لەسەر سەرچاوەی دەگمەن بە تایبەت ئاو و

زەوی، تاوان و بازرگانی بە مادەی هۆشبەر، ئایدۆلۆژیا و توندڕەوی مەزهەبی، سیاسەتی جیۆپۆلۆتیکی پاکستان و وڵاتانی دراوسیَ ناوچەکە، هەموو ئەمانە هۆکار گەلێکن کە لە ڕابردودا پەیکەری سیاسی ئەو وڵاتەی پیَ لاواز و تێکشکێنراو کە پاش ١١ سێپتەمبەر بنیاد نرایەوە.

دیارە لە بۆشایی ئەو هەمووهۆکارەدا بزوتنەوەی تاڵیبان، بەتایبەت خودی ڕابەری ئەو گروپە لە پاش ساڵی ٢٠٠٦ ستراتیژێکی نوێیان لە مامەڵەکردن پەیڕەوی کرد، وەک ئەوەی لە لایحەدا هاتووە تابتوانن لە ڕۆژانی نائومێدی گەلی ئەفغانستان، ئەمان سود لەو بارودۆخە وەربگرن و دوبارە بگەنەوە دەسەڵات.

نەبەردی دڵ و بیر[2] ، ستراتیژێکی سەربازییە کە ئامانج لێی هێنانەدی سەقامگیریە بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە شۆڕشیان تێدا باڵادەست و چالاک ترە، بەمانایەکی تر ئەم ستراتیژە تاکتیکێکی دژە شۆڕشی و شۆڕشگێرانەیە، مێژوی ئەم تاکتیکە دەگەڕێتەوە بۆ نێوان سالانی جەنگی دووەمی جیهانی و جەنگی سارد بەتایبەتی ئەزمونی ئەمریکیەکان دژ بە شۆرشگێڕانی ڤێتنام لە جەنگی ڤێتنامدا، ئەزمونی بەریتانیەکان لە مالایا ،عەمان ، عەدەن و یەمەن لەزۆر شوێنی دیکە بەکار گیراو سودی لێبینرا. کرۆکی نەبەردی دڵ و بیر کۆمەڵێک هەنگاوی کردار و خێران کە بە لێدانی خێرا ناسراوە، خۆی دەبنێتەوە لە هاوکاری کردن و ئاوڕدانەوەی خێرای ئەو خەڵک و ناوچانەی کە وەلایان بۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕان هەیە، جیاکردنەوە لێیان بە کۆمەڵێک کاری مرۆڤ دۆستانە لە ڕاکێشانی ڕێگاو بان، دروستکردنی قوتابخانە و باڵەخانە و دابین کردنی ئەو پێداویستیانەی کە زەمینەسازی بۆ ڕێگەکردن لە شۆڕش دەکات، زیاتر ئامانج لێی دروست کردنی سەقامگیریە نەک گەشەسەندنی بنەڕەتی.

ولایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا پاش ڕوداوی ١١ سێپتەمبەر سیاسەتی دەرەکی لەسەر بنەمای ئاسایش و سەقامگیری خۆی هاوپەیمانانی داڕشت بۆیە هەستا بە لادان و ڕوخاندنی ڕێکخراوی قاعیدەو بزوتنەوەی تاڵیبان، لەسەر بنەمای ستراتیژی سەربازی دڵ و بیر هەستا بەتەرخانکردنی بوجەیەکی زۆر بۆ ئەفغانستان

[2] battle of hearts and minds

که بەپێی توێژینەوەیەکی سەنتەری نێودەوڵەتی فاینستین[3] سەر بە زانکۆی تافتس ئەمریکا لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣ ـ ٢٠١٠)، بڕی (٢.١ ملیارد دۆلار)ی، لە ئەفغانستان خەرج کردوە ئەویش لەڕێگەی بەرنامەی لێدانی خێرا هاوکاری ئەو ناوچانەی کە شۆڕشی تێدا بووە یان نا سەقامگیر بووە، بەپێی هەمان ڕاپۆرت ستراتیژی نەبەردی دڵ و بیر لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانی کاریگەری وای نەبووە و ئامانجی خۆی نەپێکاوە یان ئەگەر کاریگەری هەبوو بێت زۆر کورت مەودا بووە. لەبەرامبەردا بەپێی توژینەوەیەکی سەنتەری ئاسیا4 لەساڵی ٢٠١٩ کە سود لە ڕاپرسی وەرگیراوە لەسەرتاسەری ئەفغانستان ئەنجام دراوە، لە وەڵامی پرسیاری پرۆسەی ئاشتی نێوان ئەمریکاو بزوتنەوەی تاڵیبان ولایەتەکانی، ئەرزگان ٨.٨٤٪ ، کنر ٨.٨٣٪، پکتیکا ١.٨٠٪ زۆرترین ڕێژەی هەستی خۆشبەختیان دەربڕیوە بە ئەنجامدانی پرۆسەی ئاشتەوای نێوان تاڵیبان و ئەمریکا لەبەرامبەردا ولایەتەکانی، دایکندی ٥.٣١٪، پەنجشیر ٦.٤٢٪، بامیان ١.٤٤٪ کەمترین هەستی دڵخۆشیان دەربڕیوە. بەشێوەیەکی گشتی ٦٤٪ خەڵکی ئەفغانستان بڕوایان بە پرۆسەی ئاشتی نێوان ئەمریکاو بزوتنەوەی تاڵیبان هەبووە و هەستی خۆشحاڵیان پیشانداوە، ئەمەش لە پرۆسەی کشانەوەی ئەمریکا بەباشی خۆی نیشاندا، کە تاڵیبان لە شارە گەورەکانی وەک کابوڵ و قەندەهار بێ ڕوبەڕوبنەوەی خەڵکی توانی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکات، هەتا زۆرێک لە سوپای ئەو وڵاتە بێ ڕوبەڕوبونەوە بە چەکی دەستیان خۆیان ڕادەستی گروپی تاڵیبان کرد. بۆیە لە نەبەردی دڵ و بیری ئەفغانیەکان لە نێوان ئەمریکاو تاڵیبان وا دەردەکەوێت براوەی یاریەکە تاڵیبان بێت، بۆیە لەبەرگیناملکەی لایحەی تاڵیبان (مەلا عومەر) نوسیویەتی «ئەمریکا بەڵێنی شکستدانی بە ئێمە داوە، خوداش بەڵێنی سەرکەوتن بە ئێمە دەدات، بۆیە ئێمە چاوەڕێ دەبین بزانین کام لە بەڵێنەکان دێنە دی، سوێن بە خودا ئەوە نایەتە دی، تەنها بەڵێنی خودا نەبێت». لە ڕاستیدا ئایا تاڵیبان براوەی یاریەکە بوو، ئایا ئەمریکا شکستی هێنا، ئەمانە پێویستی بە شرۆڤە دەبێت کە لەم توێژینەوە هەوڵ دەدرێت وەڵام بدرێتەوە.

[3] Feinstein international center

[4] The Asia foundation

## تاڵیبان و بابەتی دەستور

کاتێک ولایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا تاڵیبانی لەدەسەڵاتی ئەفغانستان دورخستەوە لەساڵی ٢٠٠١، کۆنفرانسێک لەئەڵمانیا بۆ جێگرتنەوەی دەوڵەتێک بۆ ئەفغانستان گفتوگۆی لێوەکرا، لەو کاتەدا بزوتنەوەی تاڵیبان خرایە دەرەوەی گۆڕەپانەکەو بۆچونی ئەوان نادیدەگیرا، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە ئەمریکا و خاوەن سودمەند و براوەکانی جەنگی ٢٠٠١ پێیان وابوو کە ئایندەی سیاسی تاڵیبان کۆتایی پێ هاتووە. پاش تێپەڕبونی دوو دەیە  لە دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی ئەفغانستان، دوبارە دەسەڵاتی تاڵیبان باڵی کێشایەوە بەسەر ئەو وڵاتەدا، وا دێتە پێش چاو تاڵیبان بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی بەرەو گۆڕانکاری دەستور هەنگاو بنێت. ئەویش یا لەڕێگەی هەمواری دەستوری ئەو وڵاتە، یان لەڕێگەی لادانی دەستوری ئەفغانستان و دانانی دەستورێکی نوێ یان بێ دەستور، بەڵام دیدگای ئەم گروپە چ پێگەیەکی مێژوی هەیە لەسەر سیستمی یاسایی و سیاسی ئەم وڵاتەدا.

دیدگای تاڵیبان لەبارەی دەستور زۆر شەفاف نەبووە، دوو بەڵگەنامە هەیە کە بۆچونی تاڵیبان پشان دەدات بۆ دەستوری ئەفغانستان، ئەوانیش ڕەشنوسی دەستوری تاڵیبان بەناوی «دەستوری ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان»، کە نوسراوە لە لایەن کۆمەڵێک موفتی و شەرع ناسی تاڵیبان لە ساڵی ١٩٩٨،  ڕەشنوسی «پەیمان نامەی ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان» کە لەساڵی ٢٠٢٠ بەشێوەیەکی نهێنی درزی گرت و کەوتە دەست خەڵک، گەرچی وتەبێژی ئەو گروپە بەرپەچی ئەوەی دایەوە کە ڕەشنوسی «پەیمان نامەی ئیماراتی ئیسلامی ئەفغانستان» لەلایەن ئەوانەوە نوسرابێت، بەڵام ناوەڕۆکی ئەم ڕەشنوسە لەگەڵ کۆمەڵێک بۆچونی سەرانی ئەم گروپە یەک دەگرێتەوە.

چەند سیناریۆیەک هەن بۆ شێوازو شکڵی حوکمڕانی لە ئەفغانستان لەوانە (ئەمارەتی ئیسلامی، کۆماری ئیسلامی، حکومەتی ئیسلامی، خەڵک سالاری دینی، پادشاهی ایسلامی)، کە لەنێوانیاندا فۆرمی ئەمارەتی ئیسلامی یەکێکە لە ئەگەرە بەهێزەکان بۆ شێوازی حکومڕانی لە ئەفغانستان، ئەم شکڵە لە

حکومڕانی(ئەمارەتی ئیسلامی)، بە بۆچونی ئەوان بەو شێوازە دەبێت کە لەماوەی ڕابردوو واتە پێش ڕوخانیان لە ساڵی ٢٠٠٣ کە ئەزمونیان کردووە، سودی ئەم شکڵە لە حکومڕانی بۆ تاڵیبان زۆر بێکێشەو بێ سەر ئێشەیە، بەجۆرێک هیچ پێویستی بە دانانی دەستور، دامەزراندنی ئۆرگان و هەڵبژاردن نییە.

دیارە سیستمی ئەمارەتی ئیسلامی، دوچاری ئاڵنگاری زۆر دەبێتەوە، چونکە پێکهاتەی سیستمی جیهانی نوێی لەسەر بنەمای دەوڵەت- میللەت یان دەوڵەتی نەتەوە دامەزراوە، کە گرنگترین ڕەگەز بۆ دەوڵەتی نەتەوە بریتین لە (خاک، خەڵک، حکومەت و دەسەلات )ە، کە دەسەلات گرنگترین ڕەگەزی هزریە بۆ دەوڵەت، بۆیە لە سەدەی بیست و یەکەمدا نالۆژیک دێتە پێش چاو، کە دەوڵەتێک بێ هیچ ئۆرگان و هەڵبژاردن و دەستور و ڕێسایەکی دیاری کراو بەڕێوەببرێت،

لەدرێژمەودا جێگەی خۆیی لەسیستەمی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بکاتەوە. لە لایەکی تر نەوەی نوێی ئەفغانی لە سیستەمی ئێستای ئەفغانستان ماندووە کە کۆماری ئیسلامی ئەفغانستانە، لەو ماوەیەدا لەدایک بون ، بۆیە قبوڵکردنی سیستمێکی وەک ئەمارەتی ئیسلامی کارێکی دژوارە، هەروەها قبوڵ کردنی کۆی چین و توێژ و میللەتانی ئەفغان لەسەر بنەمای سیستمی ئەمارەتی ئیسلامی پێشو کارێکی دژوارە دەبێت لەبەردەم تاڵیبان.

هەرچی سیناریۆی سیستمی حکومڕانیەکانی ترە (کۆماری ئیسلامی، حکومەتی ئیسلامی، خەڵک سالاری دینی، پادشاهی اسلامی)؛ هەموو ئەمانە سودو ئاڵنگاری خۆیان دەبێت بۆ تاڵیبان و خەڵکی ئەفغانستان. لەبارودۆخی هەڵبژاردنی مۆدێلی سیستمی کۆماری لە لایەن تاڵیبان سودی ئەوەی دەبێت کە سیستمی ئێستا پارێزگاری لێ دەکرێت، ئۆرگان و دام و دەزگاکان دەمێنێتەوە، دەستوری ئێستای ئەفغانستان بەرکار دەمێنێتەوە، جیاوازی دەسەڵاتەکان پارێزگاری لێدەکرێت، گروپی تاڵیبان بەشێوەیەکی مەشروع داخڵی هێزی سەربازی ئەو وڵاتە دەبێت و دەبێتە جێی ڕەزامەندی ئەو فرە نەتەوەیی لە دەستووری ئەو وڵاتەدا هاتووە،

له لایەکی تر جێگەی ڕەزامەندی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەبێت، بەتایبەت (ناتۆ، ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا). ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاوکاریەکانیان بۆ ئەفغانستان بەردەوام بێت.

بەڵام ئاڵنگاری مۆدێلی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە، زیاد لە سێ دەیەیە، تاڵیبان لە هەوڵی دامەزراندنی مۆدێلی ئەماراتی ئیسلامیە، لەپێناو ئەو ناوەدا جەنگێکی زۆری تێپەڕاندوە، بۆیە ڕازی کردنی تاڵیبان بۆ مۆدێلی جمهوری ئیسلامی کارێکی دژوار دەبێت، لەکاتێکدا کە خۆی بە براوەی جەنگ دادەنێت، ئەم مۆدێلە پێویستی بە یەکڕیزی و بونی سوپای بەهێز بۆ پاریزگاری کردن لێیی، لەڕوی دەرەکیش ئیرادەیەکی بەهێزی نێودەوڵەتی نییە بۆ پشگیری کردنی ئەم مۆدێلە، لە لایەکی گەندەڵیەکی زۆر لە مۆدێلی جمهوریەتی ئیسلامی ئەفغانستان لە ماوەی ڕابردو خەڵکی ئەو وڵاتەی دوچاری بێ ئومێدی و بێزاری کردوە.

دیارە مۆدێلە حکومڕانیەکانی تری وەک (حکومەتی ئیسلامی، خەڵک سالاری دینی، پادشاهی ئیسلامی)، ئەم جۆرە لە مۆدێلانە سود و ئاڵنگاری خۆیان دەبێت، بەشێکیان بە هۆی کۆن بونی مۆدێلەکە، بەشێکی تریان بەهۆی ئەوەی ئەم جۆرە لە مۆدێلانە پێویستی بە فکرو هزری سەردەمیانەو خوێدنەوەی واقعی دنیای نوێیە کەبزوتنەوەی تاڵیبان گرفتی تیۆری نوسی دینی، یان زانای ئیسلامی هەیە، کە سود لەبۆچون و بیرۆکەکانیان وەربگیرێت کە بۆ دنیای حکومڕانی ئەمرۆی ئەفغانستان پێویستە. لە لایەکی تر زۆر دژوارە کە نەوەیەک لە هەردوو ڕەگەز بە زانستی سەردەم و نوسینەکانی (جان جاک ڕۆسۆ، کانت، مۆنتسکیۆ، جۆن ستوارت میڵ) ڕاهاتون تا نوسینی زانا ئیسلامیەکانی تر بەم مۆدێلە حکومڕانیە ڕازی بکرێن.

بۆیە مۆدێلی حکومڕانی و پیادە کردنی ئەوەی بە ویستی فرەی و خەڵکی ئەفغانستان بێت لە لایەک و بزوتنەوەی تاڵیبان لە لایەکی تر، گەورەترین ئاڵنگاری بەردەم تاڵیبان و خەڵکەکەیەتی کە ئەفغانستان دوچاری تەنگ و چەڵەمە و ناسەقامگیری زۆر دەکاتەوە لە ئایندەدا.

## تاڵیبان و گروپە جیهادیەکان

یەکێکی تر لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم حکومڕانی تاڵیبان، گروپە جیهادیەکانن، کە لە ماوەی دەیەکانی ڕابردودا پێگەی خۆیان لە ئەفغانستان بەهێز کردووەو ئاشنای عادات و تەقالید و بیرو باوەڕی خەڵکی ئەو وڵاتەن. پێچەوانەی تاڵیبان کە ئامانجی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەفغانستان و ناوچەکانی پەشتو نشینە، ئەم گروپانە جوڵانەوەیەکی ئیسلامی جیهادی جیهانین، ئامانجیان سەپاندنی هەژمونی خۆیان بەسەر جیهان و دروست کردنی خەلافەتی ئیسلامی جیهانیە. ئەم گروپانە بۆ گەشتن بە ئامانجی خۆیان پێویستیان بەسەر زەمینێک هەیە تا دەسەڵاتی خۆیانی پێ درێژە بدەن وەک لە ماوەی ڕابردودا لە عێراق و سوریا بینرا. پاش ڕوخان و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی داعش لە عێراق و سوریا، بەشێکی زۆری ئەو جهادیانەی لەئەفغانستان و وڵاتانی ئاسایای ناوەند هاتبون، ڕویان کردەوە ئەفغانستان، لە ئێستادا خاکی ئەفغانستان باشترین مۆڵگەیە بۆ ئەم گروپانە.

یەکێک لە نیگەرانیەکانی دنیای هەرێمی و نێودەڵەتی ئەوەیە کە دوبارە ئەفغانستان ببێتە مۆڵگەی گروپە جیهادیەکان، گروپە جهادیەکانی وەک (داعشی خۆراسان، قاعیدە و تۆڕی حەقانی، گروپی تری وەک لەشکری طیبە). لەنێو ئەم گروپانە داعشی خۆراسانی کە گروپێکن بەدوای سەپاندنی بەشێک لە خەلافەتی ئیسلامین لە ناوچەکانی خۆراسانی کۆن کە پێک هاتووە لە ئەفغانستان، پاکستان و ئاسیای ناوەند. داعشی خۆراسان و تاڵیبان گرفت و کێشە هەیە لەنێوانیاندا، هەم لە ڕوی ئایدۆلۆژیا و بەرنامە هەم لەڕوی سەرچاوەی داهات، ئەمان تاڵیبان بە گروپی ناسیۆنالیستی ناوزەد دەکەن، پێیان وایە بەرنامەی تاڵیبان تەنها بۆ دەسەڵات و حکومەتداری ئەفغانستانە، نەک ئەو خەلافەتە ئیسلامیە جیهانیەیی کە ئەمان بە ئامانجیەوەن.

داعشی خۆراسانی پێک هاتووە لەو گروپانەی کە لە پاشماوەی ڕێکخراوی قاعیدە، گروپی جوڵانەوەی تاڵیبانی پاکستانی، کە لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی سوپای پاکستان دژ بە تیرۆر لەساڵی ٢٠١٠ هەڵهاتن و لەولایەتی نەنگرهاری ئەفغانستان نیشتەجێ بون. سەرەتا وەک پەنهاندە سۆزی خەڵکی ناوچەکەیان ڕاکێشا

له هاوکاری چەک و تەقەمەنی و ژن و ژنخوازی، پاش کوژرانی (حەکیم الله محسود) سەرۆکی ئەم گروپە له ساڵی ٢٠١٣دا، ئیدی ئەم ڕێکخراوە بون به چەند گروپێکی بچوک و دابەش بون. لێرەوە دەستیان کرد بە تاوان، ڕفاندن، وەرگرتنی پارە و باج، بێزارکردنی خەڵکی ئەو ناوچانەی ئەمان دەسەڵاتیان تێدا هەبوو ئەمە ڕەفتارانەیان پەیوەندیانی لەگەڵ تاڵیبان خراپترکرد. پاش ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە (عێراق و شام)، پاشماوەی ئەم گروپە لەگەڵ پاشماوەکانی قاعیدە له ئەفغانستان و پاکستان کە خۆیان حەشاردابوو لەگەڵ چەن گروپێکی تری وەک (تیپی توحید، انصار الخلافت و الجهاد، جندالله)، لەگەڵ داعشدا هەموو ئەم گروپانە پێکەوە بەیعەتیان پێک بەست بون بە لقێک لە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، بە ناوی داعشی خۆراسانی لەساڵی ٢٠١٥ خۆیان ڕاگەیاند.

ئەم هەنگاوە وای کرد پەیوەندیان لەگەڵ تاڵیباندا تێک بچێت و لەماوەی ڕابردودا دوچاری پێکدادانی خوێناوی بونەوە له خاکی ئەفغانستان، بە تایبەت لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئەفغانستان، دەسەڵاتی زۆریان هەیە، بەشێوازی شانەی نوستو لە ناوچەکانی وەک قەندەهار و کابوڵی پایتەخت بونیان هەیە، بۆیە ئەم گروپە وەک گەورەترین هەڕەشە بۆسەر ئاسایش و سەقامگیری ئەفغانستان و تاڵیبان هەژمار دەکرێن.

دیار نییە تاڵیبان چۆن دەتوانێت ئەم ئاگرەی لە دڵی سیستمەکەیدا هەیە بکوژێنێتەوە، له کاتێکدا ئەم گروپانە بەباشی شارەزای جەنگ هێرشی خۆکوژی، تاوانی ڕفاندن، ترس و تۆقاندنن. لەگەڵ کشانەوەیهێزەکانی ئەمریکا بەرپرسیاریەتی هێرشکی خۆکوژیان گرتە ئەستۆ کە لە فرۆکەخانەی کابوڵی پایتەخت ئەنجام درا. کەبوە هۆی کوژرانی چەندین هاوڵاتی و سەربازی ئەمریکی. لەئێستاشدا داعشی خۆراسانی و گروپە بچوکەکانی تر، یەکێکن لە ئاڵنگاری جدی لەبەردەم دەسەڵاتی تاڵیبان کە دەکرێت ئەفغانستان دوچاری تەنگ و چەڵەمە بکەن.

## تاڵیبان و پرسی دەرەکی

### تاڵیبان و دنیایی هەرێمی جیهانی

پاش بیست ساڵ لە ڕوداوی ١١ سێپتەمبەر، جیهان دوبارە شاهیدی گەڕانەوەی دەسەڵاتی تاڵیبانە. جەنگی جیهانی دژ بە تیرۆر بەسەرۆکایەتی و فەرمانڕەوای ئەمریکا، پێناچێت ئامانجی خۆی بەدەست هێنا بێت. ئامارەکانی سەنتەری جیهانی لێکۆڵینەوەی تیرۆریزم ئەوەیان نیشانداوە ژمارەی ئەو هێرشانەی کە لە ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠١٩ ئەنجام دراوە، چوار بەرابەر زیاترە لەو هێرشانەی لەساڵانی دەیەی ١٩٨٠ ئەنجام دراوە و ڕێژەی قوربانیەکان، شەش بەرابەر زیادی کردووە، لانی کەم لە ٦٣ وڵاتی جیهانی یەک هێرشی تیرۆرستی تۆمارکراوە یان یەک کەس بوەتە قوربانی. زۆرترین ڕێژەی قوربانیانی دەستی تیرۆر لەوڵاتانی ئەفغانستان، نەیجیریا، عێراق، سوریا، سۆماڵ بووە، ئەمانە ئەو جێگایانەن کە بەشێوەیەکی فیزیکی جەنگ لەدژی تیرۆری تێدا کراوە ئامانجێک کە سیستمی نوێی جیهانی لە سەرەکیترین ئەرکەکانیەتی. زیاتر لە ٣٨ ملیۆن خەڵک بەشێوازێکی زۆرەملێ لەئەنجامی جەنگی ئەمریکا لە پاش ١١ سێپتەمبەر لە وڵاتانی (سوریا، عێراق، ئەفغانستان، یەمەن، لیبیا، سۆماڵ و فلیپین) ئاوارە بون، ئەم ڕێژە  لە ئاوارە بون زیاترە لە تەواوی ڕێژەی ئاوارەبونانەی کە پاش ساڵی (١٩٠٠) جگە لە جەنگی دووەمی جیهانی، کە لە ئەنجامی جەنگەوە بوون، وا دێتە پێش چاو ئەم ستراتیژ و هەوڵدانە پێویستی بە جێگرتنەوە و ڕێکاری نوێ ترە.

جیهانی پاش جەنگی سارد و کۆتای سەدەی بیست، وا دەهاتە پێش چاو دنیایەکی مۆڕاڵتر، ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان، نەتەوەیەکگرتوەکان، ئەنجومەنی ئاسایش لە یەکلای کردنەوەی هەندێک لە پرسە نێودەڵەتیەکان و دەستێوەردانی بەشەردۆستانە بێت. بەڵام ١١سێپتەمبەرو جەنگی ئەفغانستان وعێراق ئامانجی سیستمی نوێی نەهێنایە دی، بەڵکوو دورکەوتنەوە لە کۆدەنگی و تاکڕەوەی لە سیاسەتی جیهاندا بەدی کرا، هێرش بۆ سەر عێراق بە یەکێک لەو هەنگاوە تاکڕەویانی ئەمریکا دادەنرێت لە سیاسەتی جیهانیدا.

## ئەمریکاو تالّیبان

ستراتیژی ئەمریکا پاش ساڵی ۲۰۰۱ بەتەواوی لەسەر بنەمای ئاسایشی نیشتمانی و سەقامگیری نەتەوەی ئەمریکا دارێژرا، بە واتایەک هەموو جموجوڵێک ئەگەر سەربازی و بەشەردۆستانەش بێت پێویستە لەسەر بنەمای ئاسایشی نیشتیمانی دابرێژرێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەمریکا جەنگی جیهانی دژی تیرۆری ڕاگەیاندن چونکە مەترسی بۆ بەرژەوەندی و خەڵک و ئاسایشی ئەمریکا دروست کردبوو. بەردەوام بونی گروپە جیهادیە ئیسلامیە جیهانیەکان، لەگەڵ گروپە ئیسلامیە ناسیۆنالستیەکان، ئەمریکای هێنایە ئەو بڕوایەی کە ڕێگا چارەی نوێ بخاتە ڕوو.

لەڕوانگەی نوێی ئەمریکادا جیاکاریەک هەیە لەنێوان گروپە جیهادیەکانی ناو ئەفغانستان، لەگەڵ تالّیبان. گروپە جیهادیەکان ئامانجێکی جیهانیان هەیە، لەسەپاندنی ئایدۆلۆژیای خۆیان، بەڵام تالّیبان ئامانجێکی ئیسلامی نەتەوەخوازی هەیە، ئەویش لە چوارچێوەی ئەفغانستان ناوچەکانی پەشتو نشین. ڕەنگە بەدەر لە هۆکارو ئامانجەکانی تری ئەمریکا، ئەمە خاڵی سۆز بێت بۆ ئەوەی ئەمریکا هەنگاوی بەرەو ڕێکەوتن لەگەڵ تالّیبان نابێت. پاش بیست ساڵ لە جەنگی دژ بە تیرۆر لە ئەفغانستان و خەرج کردنی پارەیەکی زۆر لەم وڵاتە، نە هاوکار بوو بۆ بنیاد نانی دەوڵەتی نەتەوە و دامەزراندنی سوپایەکی بەهێزی نیشتمانی، نەتوانرا پرسی تیرۆر لەو وڵاتە بنبڕ بکرێت، بەڵکو لەبەرامبەردا، دەوڵەتێکی پڕ لە گەندەڵی و شکست خواردو لەدایک بو، ئەمەش بۆ ئەمریکا نالۆژیکی بوو، کە لە هاوکاری و پشگیری ئاوا سیستم و دەسەڵاتێکدا بمێنێتەوە، ئەفغانستان بۆ ئەمرکیەکان وەک پارەیەکی دوو ترلیۆن دۆلاری ونکراو تەماشا دەکرێت. ئەمە بەو مانا نییە کە ئەمریکا پشتی دەوڵەتی ئەفغانستانی چۆڵ کردبێت، یان لە بەرامبەر تالّیباندا دۆڕا بێت، بەڵکوو ئەوە دەوڵەتی ئەفغانستان بوو کە سەرەڕای ئەم هەموو هاوکاریە نەیتوانی پێگە و دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت، لە لایەکی تر، کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان بە واتای تیشک خستنە سەر ناوچەی تر و پرسی تر لەجیهاندایە، نەک بەمانای دۆڕان ئەو و بردنەوەی تالّیبان بێت، خودی تالّیبان نەرمی نیشانداوە، بۆ گۆڕینی

ڕەفتاریان، واتە لە پاڵ هۆکارەکانی تر، مەرجی گۆڕانکاری لە ڕەفتار و دنیا بینی نوێ لە لایەن تاڵیبان ئەمریکای ڕاکێشا بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ تاڵیبان، کەواتە یاریەکە بەواتای براوەو براوە لێک دەدرێتەوە نەک دۆڕان و بردنەوەی لایەنێکیان.

ڕێکەوتنی ئەمریکاو و تاڵیبان لە مانگی شوباتی ٢٠٢٠ ، لە قەتەر هەنگاوێکی کرداری نێوان ئەم دوو لایەنە بوو، لەسەر بنەمای ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا دارێژرا. گەرچی لە دەستپێکی ڕێکەوتن نامەکەدا هاتووە«ڕێکەوتنی ئاشتی نێوان تاڵیبان و ئەمریکا بە مانای ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتێک و ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نیە، بەڵکو ڕێکەوتنی ئاشتی نێوان دەوڵەتی ئەمریکا و تاڵیبان»ە، بەو مانایە کە ئەمریکا تاڵیبان لەڕوی نێودەوڵەتی بە دەوڵەت ناناسێنێت واتە دروست کردنی دەوڵەتێک بە ناوی ئەماراتی ئیسلامی تاڵیبان هیچ باوەرێک و پشگیریەکی نێودەڵەتی لەپشت نابێت، بەڵکو هەرجۆرە سیستمێک کە لە لایەن تاڵیبانەوە دادەمەزرێت دەبێ لەژێر ناوی ئەفغانستان بێت وەخودی ئەم سیستمەش گرفتێکی گەورەی بەردەم تاڵیبانە لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆیدا، کە بەستراوە بە ڕەفتاری تاڵیبان لە ناوخۆ دەرەوە، بۆ بە فەرمی ناساندی کە پرۆسەیەکی دور و درێژە بۆی.

دەقی ڕێکەوتنامەکە لەسەرەتادا لەسەر هەمان بنەمای ساڵی ٢٠٠١ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا داڕێژراوە، ئەویش ئاسایش و سەقامگیری ئەمریکایە، لە سەرەتای ئەم ڕێکەوتننامە هاتووە«گرنتی و میکانزمی کرداری کە ڕێگربێت لە بەکارهێنانی خاکی ئەفغانستان لە لایەن هەرگروپێک بۆسەر ئاسایشی و بەرژەوەندی ئەمریکا و هاوپەیمانانی»، ئەمەش ئەرکی تاڵیبان قورس دەکات، کە دەبێت ڕێگری و ڕوبەڕوی تەواوی ئەو گروپانە بێتەوە کە جیهادین و ئێستا لە خاکی ئەفغانستاندا چالاکن. بەشێک لە لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان خستوەتە ڕوو، کە تاڵیبان ڕۆڵێکی جێگرەوە دەگرێت وەک هێزێکی پرۆکسی بۆ ئەمریکا لەم ناوچانەدا، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا بەڕاستی تاڵیبان بە بەرگی ئەفغانستان پرۆژەیەکی ئەمریکی نوێیە لەو ناوچەدا بەرامبەر نەیارەکانی ئەمریکا.

بەهۆی ئەو پێشکەوتن و شۆڕشەی لەبواری تەکنەلۆژیای جەنگ ڕویداوە لە لایەن وڵاتانی زلهێز، لەم نێوەندەدا ئەمریکا ڕۆڵێک و توانایەکی بەرچاوی هەیە، پێیان وایە جەنگ بە شێوازە کلاسیک زیان گیانی و مادی زۆری هەیە. ڕۆڵی ئامێرە جەنگییە پێشکەوتوەکان لەوانەش فرۆکەی بێ فرۆکەوان کاریگەرتر و کەم خەرجترن، هەرکات و لە هەر شوێنێک نا سەقامگیری و بونی هەر گروپێک مەترسی لەسەر ئاسایشیان دروست بکات، دەتوانن بەخێرای بە ئامانج بگیرێن. ڕوانینی ئەمریکا ئەوەیە ئەگەر ئەفغانستان بێتە سەرچاوەی ناسەقامگیری، ئەوا لە ڕێگەی ئەو فرۆکە بێفرۆکەوانانەی کە جێگیر کراوە لە ناوچەکەدا، هێرش بکاتەسەر ئامانجی ویستراو، بۆ ئەمریکا ئەم ستراتیژە کەم خەرجتر و کاریگەرترە.

## چین و تاڵیبان

لەماوەی ڕابردودا سەرانی تاڵیبان گەڕێکی دیپلۆماسیان ئەنجامدا بە ناوچەکەدا، لەوانەش سەردانی مۆسکۆ و پەکینیان کردو سەفیری هیندیان لە قەتەر بینی. لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی چین لە مانگی تەموزی ٢٠٢١ هاتووە "وەزیری دەرەوەی چین لەگەڵ مەلا عەبدولغنی برادەر لە شاری تیانجین یەکتریان بینیوەو پێیان ڕاگەیاندوە:کە چین و تاڵیبان وەک هێزێکی چالاک لە پاڵ هێزوگروپەکانی تری ئەفغانستان دەناسێت، ئومێدەواریشن ڕۆڵی کارا بگێرن، لە پرۆسەی ئاشتی لەو وڵاتەداو سیاسەتی یەکپارچەی بگرنەبەر، داواشی کردوە کە نابێت ڕێگە بدات کە خاکی ئەفغانستان لە لایەن گروپەکانی تر بە تایبەتی گروپی (جوڵانەوەی ئیسلامی تورکستانی خۆرهەڵاتی)[5]، دژ بە ئاسایش و سەقامگیری چین بەکار بهێنرێت. لەبەرامبەردا (مەلا برادەر) هەموو بەڵێنێکی بەوەزیری دەرەوەی چین داوە کە تاڵیبان کار بۆ ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکەدا دەکات و ڕێگە نادات کە خاکی ئەفغانستان دژی بەرژەوەندی و ئاسایشی چین بەکار بهێنرێت".

گەر وا دابنرێت تاڵیبان پرۆژەیەکی ئەمریکی دژ بە چینە، ئەوا بە تێڕوانین لە ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەکەی تاڵیبان و ئەمریکا، ئەم گریمانە توشی پارادۆکس دەکات، چونکە ئەمریکا جەختی لەسەر ڕوبەڕوبونەوەو

---

[5] East Turkestan Islamic Movement

بەکارنەهێنانی خاکی ئەفغانستان کردووە، لەلایەن گروپە جیهادیەکان دژ بە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، هاوکات چینیش هەمان پێداگری هەیە لەگەڵ تاڵیبان، گەر تاڵیبان سەرکەوتو بێت بەسەر ئەم گروپانەدا خۆبەخۆ بەشێکی براوەی ئەم ڕێککەوتنەی ئەمریکاو تاڵیبان لە ڕوی ئاسایش و سەقامگیری بەر چین دەکەوێت. ئەگەر تاڵیبان نەتوانێت سەقامگیری لە ئەفغانستان مسۆگەر بکات و بەسەر ئەو گروپانەدا زاڵ بێت، یان لەگەڵیان وەک ڕابردو دەستێکەڵ بکات، مێژوو ئەوەی دەرخستوە پریشکی ئاگرەکە بەر ئەمریکا کەوتووە تا چین، ڕوداوی ١١ سێپتەمبەر نمونەی باڵای ئەو کاریگەریە بوو. خۆ ئەگەر تاڵیبان هێزێکی پرۆکسی ئەمریکا بێت، بەتایبەتی لە ڕوی سەربازییەوە، ئەوا ئەم گریمانەش زۆر لاوازە، چونکە توانایی سەربازی چین هەزاران جار لە تاڵیبان بەهیز ترە، تاڵیبان لە سەرجەم بەیاننامەکانیاندا ئەمریکا بە داگیرکار ناوزەد دەکەن و چین بە دۆستی دێرین ناودەبەن.

حزبی کۆمەنیستی چین (CPC)، لە سەفەری سەد ساڵە و چواردەهەمین خولی بەرنامەی پێنچ ساڵەی خۆی، ئامانج و پلانی خۆی لە ڕوی سیاسەتی ناوخۆی و دەرەکی خستوەتە ڕوو. چین بەدوای بنیادنانی وڵاتێکەوەیە لەسەر بنەمای سۆسیالستی مۆدێرن، لەهەموو ڕویەکەوە، ئەوان پێیان وایە "ئاشتی و گەشەسەندن بابەتی سەرەکی سەدەی نوێیە، باوەڕی چارەنوسی هاوبەش بۆ مرۆڤایەتی لە بیر و تێفکرینی خەڵک ڕیشەی کێشاوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ژینگەی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی نارێک و ئاڵۆز هەنگاو دەنێت، ناسەقامگیری و نادڵنیایی ڕوو لە زیاد بونە، جیهانگیری ئابوری ڕوبەڕوی بەرەنگاری دەبێتەوە، ئێمە دەچینە ناو سورێک لە گۆڕانکاری ئاڵۆز کە تێیدا تاکڕەوی[6]، پاراستنگەری[7]، هەژمون، هەڕەشە لەئاشتی و گەشەسەندنی نێودەوڵەتی دەکات".

لەم ڕوانگەیەوە چین بە دوای سەپاندنی سەقامگیری و ئاسایشە لە ناوچەکەدا. بۆ گەشتن بە بەرنامەی گەشەی ئابوری خۆیی، لە ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست بەو پێیەی بە درێژای (٧٥کم)، سنوری هاوبەشیان

[6] unilateralism
[7] protectionism

هەیە لەگەڵ ئەفغانستان. چین سیاسەتی خۆی بۆ پەیوەندی ئاشتی و سەقامگیری لەگەڵ ئەفغانستان بەڕابەرەیەتی تاڵیبان ئامادە دەکات. لێرەدا چین پێویستی بە پاکستان دەبێت، چونکە جوگرافیای سیاسی چین وا دەخوازیت بەشوێن ئاشتییەوە بێت لەم ناوچانەداو لەگەڵ تاڵیباندا، لە کاتێک بەندەری( گوادر[8])، لەناوچەی بەلوجستان ڕاڕەوی ئابوری چین- پاکستانە (CPEC)ڕۆڵێکی گرنگ لە ئابوری چین و پاکستان دەگێڕێت. خۆ ئەگەر بە هاوکاری پاکستان، چین بتوانێت ئەم سەقامگیریە بپارێزێت، ئەوە براوەی ئاشتی ئەمریکا- تاڵیبان لە ڕوی ئابوریشەوە هەر چین دەبێت. کەواتە بە پێی گریمانەی پێشو ناتوانرێت تاڵیبان هێزی نوێنەرایەتی ئەمریکا بێت دژ بە چین. هەندێک لە لێکۆڵەوەرانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان پێیان وایە کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان خاڵی سۆزی ئەو گۆڕنکاریەیە لە سیستمی جیهانی دنیای پەیوەندیە نێودەڵەتیەکان ڕوو دەدات، ئەویش جیهانێکی چەن جەمسەر، ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە بە گریمانە وەربگرین بە واتای نەمان و کەم وبونەوەی ڕۆڵ و هەژمونی ئەمریکا لەم ناوچەیەداو لەبەرامبەردا گەشەسەندنی ڕۆڵی چین، گەرچی چین بە وریایی و سەبرەوە دەیەوێت پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەفغانستانی تاڵیبان ڕێک بخات، بەشێوەیەکی هەستیارانە سیاسەتی خۆی لەم ناوچانەدا بەرەو پێش دەبات.

## هیندستان و تاڵیبان

زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان لە نیەت و ڕەفتاری تاڵیبان دڵنیا نین، ئەوان بەپێیَ ئەو مێژووەی تاڵیبان هەیبوە لەگەڵیان، نایانەوێت بەخێرایی ئەو گۆڕانکارییە لە ئەفغانستان قبوڵ بکەن. هیندستان پاش ڕفاندنی فرۆکەیەکی هیندی لە ساڵی ١٩٩٩ بە تەواوی پەیوەندی لەگەڵ تاڵیباندا پچڕاند، بەڵام ڕێککەوتنی ئەمریکا- تاڵیبان، هیندستانی ناچارکرد ڕێڕەوێکی دیپلۆماسی لەسەر داواکاری تاڵیباندا بکاتەوە، کەتایبەت بوو بە بابەتی سەقامگیری و گەڕانەوەی ئەو کارمەندو هاوڵاتی و پسپۆڕە هیندیانیەی لەئەفغانستان کار دەکەن. هیندستان لە پاش ساڵی ٢٠٠١ نزیکەی ٢ ترلیۆن دۆلاری لە بنیادنانی ئەفغانستان خەرج کردووە، تەنها لە ساڵی ٢٠٢٠ هیندستان نزیکەی ١٥٠ پرۆژە بە بەهای ٨٠ ملیۆن دۆلار ڕاگەیاند. هیندستان لە ماوەی

[8] Gwadar

ڕابردودا بەدوای ڕزگارکردنی ئەفغانستانەوەیە، بەو پەیوەستیەی بە پاکستانەوە هەیەتی، لە ڕوی ئابوری و گەیاندنی بە زەریای هیندی، بۆ ئەو مەبەستەش هەستا بە لێدانی درێژترین ڕێگا لە خاکی ئەفغانستان بۆ بەندەری چابهاری ئێرانی لەسەر کەنداوی عەمان، بۆ ئەوەی ئەفغانستان بەتەواوی خۆی بە پاکستانەوە نەبەستێتەوە.

کێشەی تاڵیبان-پاکستان و هیندستان، کێشەیەکی دێرینەو ڕیشەی مێژوی خۆی هەیە، بەدەر لەوەی کێشمەکێشێکی مێژوی ئایدۆلۆژی قەومیشە، هیندستان هەراسانە لە هەر گروپێکی ئاینی بە تایبەتی گروپە جیهادیە ئیسلامیەکان، کە هەرەشە بیت بۆ سەقامگیری و ئاسایشی خاکەکەی. لە ماوەی ڕابردودا گروپە جیهادیەکانی (لەشکری طیبە، سوپای محمد)، کە لەخاکی کشمیر چالاکی ئەنجام دەدەن، پەیوەندی مێژویان لەگەڵ تاڵیبان هەیە، بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان نزیک بە (٦٠٠٠ تا ٦٥٠٠) جیهادی ئەم دوو هێزە لە ماوەی ڕابردودا لە ئەفغانستان چالاکیان لەگەڵ تاڵیبان ئەنجام داوە، لە ماوەی ڕابردودا جیهادی ئەفغانی بۆ شۆڕش ڕویان لە کشمیر کردووە. ترس و هەراسانی هیندستان لە بە دەسەڵات گەشتنی تاڵیبان هاوکاری و بەهێزکردنی ئەم گروپانەیە کە هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری وڵاتەکەی، لە کاتێکدا هیندستان پێی وایە ئەم گروپانە و خودی تاڵیبان دەسپەروەردە و هێزی پرۆکسی پاکستانن و لەماوەی ڕابردودا لەلایەن دەزگای هەواڵگیری پاکستان داڵدەدراون ڕاهێنراون. بۆیە هیندستان زۆر دڵخۆش نییە بە گەڕانەوەی دەسەڵاتی تاڵیبان لە ئەفغانستان، بە تایبەتی دوای ڕاگەیاندنی کابینەکەی کە لە ٨٠٪ ئەو کەسانەن کە پێش ١١ سێپتەمبەر لە گروپی تاڵیبان چالاک بون. گەرچی هیندستان لە ڕوی ئابوریەوە سودێکی زۆری گەیاندووە بە ئەفغانستان لە چاو پاکستان، لە لایەکی تریش زۆرێک لە ئەفغانییەکان بەچاوێکی ڕکابەر و دەستێوەردەر لە پاکستان دەنوارن، ئەم دوو هۆکارە دەتوانێت خاڵی گۆڕانکاری و ڕوو لە گەشەی پەیوەندی نێوان تاڵیبان و هیندستان بێت، بۆ هاوکاری و باشکردنی پەیوەندیەکانیان. گەرچی بەگەشتنە دەسەڵاتی تاڵیبان وا لێک دەدرێتەوە تاڕادەیەک بە مانای کەنارگیری هیندستان، لە ناوچەکەدا بەو

پێیەی کە شەریکی خۆرئاوایەکانە، ئەم ناوچەیەش بەوردی لە ژێر چاودێری و ستراتیژی  چین و ڕوسیەکاندایە.

## تاڵیبان و ڕوسیاو وڵاتانی ئاسیای ناوەند

گەڕانەوەی تاڵیبان جێی نیگەرانی بەشێک لە وڵاتانی ئاسیای ناوەندە، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە هاوپەیمانی ڕوسیان(CSTO) (تاجیکستان، تورکمانستان، کازاخستان، قرقیزستان، ئۆزبەکستان)، پاش ڕوخانی داعش لە سوریاو عێراق، بەشێکی زۆری ئەو جیهادیانەی خەڵکی ئەم وڵاتانانەن بۆ ئەفغانستان هەڵهاتن، بۆیە ترسی ئەوەیان هەیە ئەفغانستان لە سایەیی ئەم گروپانە ببێتە مەترسی بۆ تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری بۆ وڵاتەکانیان. دیارە ئەم مەترسیانە جگە ڕووە سەربازیەکەی، بەشێکی پەیوەندی بە قاچاغی مادەی هۆشبەرە، لەڕێگەی ئەو وڵاتانە بۆ ڕوسیا و ئەوروپا، بەشێکی تر پەیوەندی بەو قەیرانە مرۆیانەیە کە دوای هاتنی تاڵیبان دەستیان پیکردووە، ئەویش کۆچ و پەنابەری خەکی ئەفغانستانە لەم وڵاتانە کە نایانەوێ لەژێر دەسەڵاتی تاڵیبان ژیان بەسەر بەرن.

ڕوسیا گەرچی لە فەرمی ناسینی تاڵیباندا هیچ پەلەیەکی نییە، بەڵام نەیشاردووەتەوە لە ماوەی ڕابردودا کۆبونەوەی دیپلۆماتی لەگەڵ سەرانی تاڵیباندا هەبووە. ڕوسیا بە تاڵیبانی ڕاگەیاندووە:گەر گەڕانەوەی ئەوانە دەبێتە مایەی سەقامگیری لە ئەفغانستان و ناوچەکە، دورخستنەوەی دەستی ئەو جیهادیانەی کە ئاڵنگاری بۆ وڵاتانی هاوپەیمانیان، ئەوا هیچ ناڕەزایەکیان نیە، لەبەڕامبەردا تاڵیبان ئەو بەڵێنەی داوە.

کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان، ڕوسیا و چین لەوە نزیک دەکاتەوە کە ڕۆڵی کاریگەرتر بگێڕن، بەتایبەت لە ڕوی ئابوری و سەربازییەوە، سەقامگیری ئەم ناوچانە، ئەویش پاش دوو دەیە لە دەسەڵاتی باڵای ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ئەفغانستان. گەرچی تاڵیبان وەک ڕابردو ناتوانێت هێزێکی پرۆکسی بێت لە دژی ڕوسیا، چونکە سوپای ڕوسیا لە ئێستا زیاتر ئامادەی ڕوبەڕوبونەوەوی هەر هێرشێکە بۆ سەر هاوپەیمانان و بەرژەوەندیەکانی.

## ئێران و تاڵیبان

ئێران یەکێکە لە دراوسێ نزیکەکانی ئەفغانستان، لە ڕوی مێژویشەوە پەیوەندیەکی فەرهەنگی و مەزهەبی هەیە، لەگەڵ خەڵکی ئەفغانستاندا، پاش بەدەسەلات گەشتنی تاڵیبان لە کۆتایی سەدەی بیستەم کێشەو ئاڵۆزی کەوتە نێوانیان، ئەویش چ لە ڕێگەی داگیرکردنی باڵوێزخانەو تیرۆر کردنی دیپلۆماتکارە ئێرانیەکان لە ساڵی ١٩٩٩، چ لە ڕێگەی ئازاردان و کوشتن و هەراسان کردنی ئەفغانیە شیعەکان (شیعەی هەزارە). ئەمەش بوە هۆی نیگەرانی ئێران لەوکاتەدا. لەلایەکی دیکەوە شەپۆلی کۆچی ئەفغانیە شیعەکان بۆ ئەو وڵاتە قەیرانێکی مرۆی دروست کردبوو. جەنگی دژی تیرۆر بە سەرۆکایەتی ئەمریکا خاڵی سودی هاوبەشی لەگەڵ ئێراندا سەرنگومی دەسەڵاتی تاڵیبان و قاعیدە بوو، بەڵام لەبەرامبەردا، نزیک بونەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە بابەتێک بوو، لە ماوەی ڕابردو و بەئێستاشەوە، سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

پاش ئەوەی لەرەی دوبارە بەدەسەلات گەشتنی تاڵیبان لە ئەفغانستان ئەگەرێکی بەهێز بوو، ئێران دانیشتنی دیپلۆماسی لەگەڵ سەرانی تاڵیبان لە تارانی پایتەختی ئەو وڵاتە ئەنجامدا، ئەم دانیشتنە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئێران و پاراستنی سیستمی سیاسی ئەو وڵاتە بوو.

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ئێستادا هەموو هەنگاوێکی لە پێناو پاراستنی سیستمە سیاسیەکەیەتی، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ تاڵیباندا کۆوبونەوەی دیپلۆماسی ئەنجامدا. ئێرانیەکان باش لەوە تێگەشتون کە بەتەنها بە دەسەلات گەشتنی ئەماراتی ئیسلامی تاڵیبان، بێ ڕەچاوگیری فرەی قەومی و ئاینی و ڕێز نەگرتنی دەستوری ئەو وڵاتە، سەر ئێشەیەکی ترە بۆیان. ئێران لە بونی دراوسێیەکی تر لەسەر شێوازی سیاسەتی سعودیە دڵخۆش نیە، بەڵام لەلایەکی تر، سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەتەواوەتی کار لەسەر چونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکات لەناوچەکەدا، پێشوازی لەهەر جۆرە هەنگاوێکی لەو شێوەیە دەکات، پێیان وایە بونی هێز و دەسەڵاتی ئەمریکا لە وڵاتانی ئەفغانستان، عێراق، سوریا. مەترسی زیاترە وەک لە دەسەڵاتی تاڵیبان، بۆیە لەنێوان بژاردەی خراپ و خراپتر بۆ بەرژەوەندی سیستم خراپیان هەڵبژارد.

ئێران لە ئەگەری ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ تاڵیبان لە ئایندە کەرەستەی پێویستی لەبەردەستە، کە بتوانێت لە ناوخۆی ئەو وڵاتە ڕوبەڕوی دەسەڵاتی تاڵیبان بوەستێت. لەلایەکی تر سیاسەتی نوێی ئێران لەگەڵ تاڵیبان خۆبەخۆ ڕێگری لەو شەپۆلە کۆچە ئەفغانیە دەکات، بۆ ئەو وڵاتە کە لەماوەی ڕابردودا دوچاری بوبو. خودی ئێرانیەکان جەختیان لە ڕێزگرتنی فرەیی و دەستوری ئەو وڵاتە کردبوو لەلایەن تاڵیبان، تاڵیبان ئەو بەڵێنەی پێداون.

## نەتەوەیەکگرتوەکان

نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایش بە بڕیاری ژمارە (S/RES/1988/2011) تایبەتە بەدۆخی ئەفغانستانی دەرکرد، سەرەڕای جەخت کردنەوە لە ڕوبەڕو بونەوەی تیرۆر ڕێگری کردن لە دروستکردنی ناسەقامگیری لە ئەفغانستان، لە پێناو ئاشتی و بواردان بە تەواوی ئەفغانیەکان، لە بەشداری کاری سیاسی لە ناوخۆی ئەو وڵاتە، بە پێی ڕاگەیاندنی کابوڵ لە (٢٠ تەموزی ٢٠١٠)، لەسەر داواکاری حکومەتی ئەفغانستان لەو کاتەدا داوای لە ئەنجومەنی ئاسایش کردووە، کە هەستێت بە لادانی بەشێک لە ناوی ئەو ئەفغانیانەی کە وەک تیرۆریست ناو هێنراون و گەمارۆیان خراوەتەسەر، لەبەر ئەوەی بەشێک لەو کەس گروپانە بە تایبەت گروپی تاڵیبان لە ئێستادا مەرجی ئاشتی، پێکەوە ژیان، ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی ژنانیان، ڕێزگرتن لە دەستوری ئەو وڵاتەیان قبوڵە، ئایدۆلۆژیای توندڕەوی و تیرۆرستی و کاریان لەگەڵ قاعیدە ڕەد کردوەتەوە و پشگیری ئاشتی و گفتوگۆی هەمەلایەنە دەکەن.

پاڵپشت بە بەشی حەوتەم لە پەیمانی نەتەوەیەکگرتوەکان، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاریدا بەقبوڵکردنی پێشنیاری دەوڵەتی ئەفغانستان بەم مەرجانەی خوارەوە، تەواوی دەوڵەتان ڕادەسپێرێت بەم شێوەیە:

«بەستنی سەرجەم ئەو سەرچاوە دارایانەی کە لە ڕێگەی سەرچاوە جیاوازەکان یان گروپە جیاوازەکان ئەگەن بە تاڵیبان، یان لە تاڵیبانەوە ئەگەن بەوان، چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. ڕیگری کردن لە هاتوچۆکردن و پەڕینەوە ئەم گروپ و کەسانە لە خاکی هەر وڵاتێک مەگەر داواکاریەکی دادوەریان لەسەر

بێت. ڕێگری لە هاتوچۆپێکردنی چەک و تەقەمەنی و کۆمەک و پیتاک، هاوکاری کردنی هەرجۆرە ڕاوێژکاری سەربازی بەم گروپانە».

بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (٢٩٩٣ ساڵی ٢٠٢١، و ٢٥٩٦ ساڵی ٢٠٢١)، پێویستە لەسەر تاڵیبان، ڕێگای ئاشتیانە بگرێتەبەر بۆ چارەسەر و حکومڕانی لە ئەفغانستان، پێکهاتەی حکومەتی ئەفغانستان گوزارشت بێت، لە تەواوی گەلی ئەفغانستان و کەمینەکان و ئافرەتان.

تاڵیبان دەبێت واز لەتەواوی پەیوەندیەکانی بهێنێت، لەگەڵ گروپە جیهادیە توندڕەوەکان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئەوانەی ناویان لە ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتوەکان هاتووە لە بڕیار ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە ( ١٢٦٧ ساڵی ١٩٩٩ ، بڕیاری ١٣٣٣ ساڵی ٢٠٠٠)، بەتایبەتیش گروپی داعشی خۆراسانی، ڕێگر بێت لە بەکار هێنانی خاکی وڵاتەکەی لە لایەن گروپ و کەسایەتی تیرۆرستیەکان و بەرهەم نەهێنانی مادەی هۆشبەر، پێویستە تاڵیبان ئاسانکاری بۆ چونە دەرەوەی هەر هاوڵاتیەک بکات، کە دەیەوێت خاکی ئەو وڵاتە جێبهێڵێت، کەشێکی ئارام و ژینگەیەکی تەندروست بڕەخسێنێت.

بەشێوەیەکی گشتی بۆچونێکی نێودەوڵەتی هەیە لە پێناو گەڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ خاکی ئەفغانستان بە بەشداری تەواوی ئەفغانیەکان لەسەر ئەو بنەمایەش ئەنجومەنی ئاسایش هەستا بە پەسەند کردندی پێشنیاری حکومەتی ئەفغانستان، لابردنی ناوی ئەو تاڵیبانەی کە لەماوەی ڕابردودا، داواکار بون یان زیندانی بون ئەویش بەمەرجی ڕەزامەندی لەسەر پرۆسەی ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەکان، بەشێوازی ئاشتیانە و ڕێزگرتن لە فرەیی و مافی مرۆڤ، بەتایبەتی مافی ژنان کە لەماوەی ڕابردودا جێگەی مشتومڕ بووە لەو وڵاتەدا.

## ئەنجام

گۆڕانکاری لە پرۆسەی سیاسی و هەرەسی حکومەت و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە جێگەی سەرنجی خەڵکی ئەفغانستان و وڵاتانی ناوچەکە و دنیا بوو. ئەفغانستان لە ساڵانی پێش شەڕی دژی تیرۆر بەسەرۆکایەتی

ئەمریکاو هاوپەیمانانی مۆڵگەی پەروەردەو ڕاهێنان و هێرشی گروپە توندڕەوە جیهانیەکان بوو، لەژێر دەسەڵاتی تاڵیبانی ئەو کاتە کار و چالاکیان ئەنجام دەدا. شەڕی دژ بەدەسەڵاتی ئەم گروپانە و تاڵیبان لەساڵی ٢٠٠١، نەبووە هۆی لەناوجونی تەواوەتیان. سەرکردایەتی تاڵیبان، لە ڕێگە ڕێسایەکی نویٚ لە ساڵی ٢٠٠٦ ناسراو بە (لایحە)، ستراتیژی نوێی هەستانەوەی ئەم گروپەیان داڕشت، ئامانج لێی چونەوە ناو پرۆسە و دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتە، وەک خۆیان دەڵێن لە ڕۆژانی نائومێدیدا. پاش دوو دەیە لە نەمانیان لە سەکۆی سیاسی، تاڵیبان دوبارە گەڕایەوە هەرەمی سیاسی، ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئەمریکا لە شوباتی ٢٠٢٠ گەڕانەوەی دەسەڵاتیانی خێراتر کرد، خودی ڕێککەوتنەکەش بوە جێگەی ڕەزامەندی بەشێکی خەڵکی ئەفغانستان، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە هەراسان بوون، لە بونی گروپە توندڕەوە جیاوازەکان، کە ئاسایش و سەقامگیری مرۆی ئەو ناوچانەیان خستبویە مەترسیەوە.

تاڵیبان، لەڕوی سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتی، دژایەتی بەرچاوی نەکرا، بەڵکو دانیشتی دیپلۆماسیشیان ئەنجام دا. لە ئێستادا تاڵیبان لە هەرەمی دەسەڵاتی سیاسی ئەفغانستاندایە، ئایندەی ئەو وڵاتە بەستراوە بە سیاسەت و ڕەفتاری ئەوان، لە ڕوی ناوخۆی، هەرێمی نێودەڵەتی، مەرجی هاتنەوەیان گۆڕینی ڕەفتار و قبوڵ کردنی فرەی و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ، ڕێساو و یاسای نێودەوڵەتیە. چاوەڕوانیەکانیش بۆ ئەوەیە کەئایا تاڵیبان دەتوانێت ببێتە هەوێنی سەقامگیری ناوچەی و نێودەوڵەتی، یاخود ئایا دەتوانیٚ هەوێنی ناسەقامگیری ئاشتی سەقامگیری ناوچەی و نێودەوڵەتی بێت، یان دەسەڵاتی ئەوان و شێوازی ڕەفتاریان دەتوانێت ئایندەی ئەفغانستانی پیٚ تاریک یان ڕۆشن بکرێت؟. گەرچی ئەوان بەڵێنی ڕەفتار و گۆڕینی فۆڕمی سیاسیان داوە بەڵام لە ناوخۆ و دەرەوە گومانیان لەسەرە، پرۆسەیەکی دوریان لە ڕێگەیە کە پڕە لە ئاڵنگاری و دژوار.

## سەرچاوەکان


1. محمد جعفر جوادی ارجمند، تحرکهای طالبان تاثر آن در روابط پاکستان، افغانستان و آمریکا، مطالعات اوراسیا، مرکز مطالعات عالی بین المللی، دانشکده حقوق و علوم سیاسی، سال دوم، شماره ۳، زمستان و بهار ۱۳۸۷-۸۸، ص 36-60.
2. علیرضا شریفی، از امارت اسلامی تا مردم‌سالاری دینی؛ پنج گزینه طالبان برای تشکیل حکومت، بی بیسی فارسی، ۲۰۲۱.
3. چارلوت ماکسویل جونز، برخی نویسنده ، سروی مردم افغانستان در ۲۰۱۹، بنیاد اسیا ۲۰۱۹.
4. علیرضا شریفی، از امارت اسلامی تا مردم سالاری دینی؛ پنج گزینه طالبان برای تشکیل حکومت، بی بی سی فارسی ۲۰۲۱.
5. ولیام داریمپڵ، و. سابیر عەبدوڵڵا کەریم، سێگۆشەی گڕگرتوو، ئەفغانستان و پاکستان و هیندستان، دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، ۲۰۱٦.
6. Aqil Shah, (2021), How Will the Taliban Deal with Other Islamic Extremist Groups, Carnegie Endowment for international peace.
7. Mapping Militant Organizations. “Islamic State in Khorasan Province (IS-KP).” Stanford University. Last modified June 2018.
8. Paul Fishstein, Andrew Wilder, “Winning Hearts and Minds? Examining the Relationship between Aid and Security in Afghanistan”, Feinstein International center,2012.
9. Lindsay Maizland, The Taliban in Afghanistan, Council on foreign relation, 2021.
10. Abubakar Siddique, New Taliban Rule Book Aims To Win Afghan Hearts And Minds, Radio Free Europe,2009.
11. Richard Haass, America’s Withdrawal of Choice, Council on foreign relation, 2021.
12. Global Terrorism Overview: Terrorism in 2019, University of Maryland, July 2020.
13. Тимофей Бордачев, Падение Кабула и баланс сил в Большой Евразии, Российский совет по международным делам, 2021.
14. Андрей Казанцев,Перспективы и сценарии развития ситуации в Афганистане: интересы России и Китая, Российский совет по международным делам, 2021.
15. Un. Security Council
16. Security Council,UN, № S/RES/1988/ (2011).
17. Security Council,UN, № S/RES/1278/ (1999).
18. Security Council,UN, № S/RES/1333/ (2000).
19. Security Council,UN, № S/RES/2593/ (2021).
20. Security Council,UN, № S/RES/2596/ (2021).